**کۆلێجی زانکۆی لێیدن لاهای**
**نوسینی ئەکادیمی: ڕۆڵی دادگا و دادگا تایبەتەکان لە سیستەمی دادپەروەری دژی تاوانە نێودەوڵتییەکان**
**وەرزی ١، خشتەی ١، پوختەی هەفتەی ٤، گروپی ف**
**مامۆستا: د. فیلۆمین دۆڵ**
**خوێندکار: کەڤین سلێمان ١٩٠٤٧٩٥**
**سەرەبابەتی خوێندنەوە ڕەسەنەکە: سیستمی دادپەروەری تاوانی نێودەوڵەتی ٥،٠**
**نووسەر: هاراڵد هۆنگجو کۆھ، لە گۆڤاری یەیڵی یاسای نێودەوڵەتی**
**ژمارەی وشە: ٥٤٩**

---

**میکانیزمی دادپەروەری نێودەوڵەتی لە جیهانی هاوچەرخی ئەمڕۆماندا**

لەم نوسینە شیکارییەدا، هاراڵد هۆنگجو کۆھ، بەرەوپێشچوونی میکانیزمەکانی دادپەروەری نێودەوڵەتی لە جیهانی هاوچەرخی ئەمڕۆماندا بە پێنج قۆناغ دەخاتەڕوو. لێرە، ئەو دامەزراوانەی مامەڵە لەگەڵ تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، لە ڕێگەی فەرمانگە دادییەکانەوە سەرچاوەکەیان بۆ دامەزراوە و ئامانجەکانی دادگای نۆرمبێرگ دەگەڕێتەوە. هەروەها، لە بەرەوپێشچوونی دادپەروەریی نێودەوڵەتی ڕۆڵە بەهێزەکەی ئەمریکا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام ئەمریکا خۆی دان نانێت بە بڕیارەکانی دادگای جیهانی لاهای، چونکە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی هەڕەشە یان ئاماژەی سیاسی لەسەر کردە سەربازی و ئاشتیپارێزییەکانی ئەمریکا. هەرچەندە بە بەردەوامی باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا پاڵپشتی ئامانجەکانی دادگای لاهای دەکات تا بکەری تاوانە قێزەونەکان بهێنرێنە بەردەم دادگا، بەڵام گرنگە ئەم پرۆسە دادوەرییانە هاوتەریی ئامانجەکان و ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکاش بن.

سەرەتا، دەگوترێت نائاسایی بوو کە دادگایی نۆرمبێرگ بۆ دادگاییکردنی تاوانکارە قێزەونەکانی ڕژێمی نازییەکانی ئەڵمانیا بەکارهات، چونکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم خەڵکانێکی زۆر داوای لە سێدارەدانی ئەو تاوانبارانەیان دەکرد. سەرەڕای ئەمە، ئەمریکا سەرسەختانە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تاکە ڕێگای دروستی مامەڵەکردن لەتەک ئەم تاوانبارانەدا بریتییە لە دادگاییەکی ڕوون و ئاشکرا. لێرەدا ئامانجەکە ئەوە بوو هۆشدارییەکی توند بدرێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرگیز پێشێلکاری مافی مرۆڤ و تاوانەکانی شەڕ قبوڵ ناکات.

لە بنچینەدا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە دانپێدانانی دامەزراوەیەکی دادوەریی لەسەر چوار بنەمای سەرەکییە: شەرعیەت، بۆ ئەوەی دانی پێدابنرێت؛ پرۆفیشناڵیی یاسایی، بۆ دڵنیاکردنەوەی سەربەخۆیی دادوەریی؛ هاوکاری لەنێوان لایەنە جیاوازەکان، ئەو لایەنانە

دەوڵەتی بن یان نا؛ یاساییبوون، تا لەگەڵ دادپەرورری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەکبگرێتەوە. دواجار، دادگای ئاد هۆک لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو دامەزراوەیەکی دادوەری شۆڕشگێرانە بنیاتنرا تا بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ، ئەویش خۆی لە کەیسی دادگاییەکانی تاوانبارانی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە یۆگوسلاڤیای کۆن و جینۆسایدی ڕواندا بەرجەستە دەکرد. هەرچەندە ئەم دوو دادگاییە ئەو مشتومڕەیان بەدوای خۆیاندا هێنا کە زۆر دوور بوون لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکانەوە.

بۆ ئەوەی دادپەروەری زیاتر و پاڵپشتی خەڵکی سادە بەدەست بهێنرێت، دادگایی دوورەگ خرایە کار لەو وڵاتانەی کە تاوانی تایبەت بە لەگۆڕنان (وەکو گۆڕی بەکۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردن) تێیاندا ئەنجامدراوە. زۆرینەی ئەم دادگایانە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخران، لەبەرئەوە ئەم دادگاییانە بەتەواوەتی پشتبەستوو بوون بە سەرکردە سیاسییەکان تا پشتیوانیی و شەفافیەت دابین بکەن. لەبەرئەوەی لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکەوە نزیک بوون و بەگشتیش لەلایەن ستافی دادوەریی خۆجێییەوە بەڕێوەدەبران، بوونە جێگەی متمانە و شەرعییەتی ڕای گشتی. خاڵی بەهێزی ئەم دادگاییانە لە بەدەستهێنانی دادپەروەریی بریتی بوو لە بەکارهێنانی ڕێگای گونجاو و هەڵسەنگاندنی فاکتەرەکانی تایبەت بە بارودۆخە خۆجێیەکان.

هەرچەندە ئەمریکا ڕەزامەندی پیشان نەداوە لەسەر یەکلاکردنەوەی تاوانە گۆڕپیە قێزەونەکانی وڵاتەکەی لە دادگای لاهای، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دروستکردنی دادگایەکی هەمیشەیی تاوانی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بەشێوەیەکی بەردەوام. لێرە، دادگای لاهای دامەزراوەیەکی دادوەریی بنەڕەتی دامەزراندووە کە دەشێت زیاتر لێکۆڵینەوە لە دادپەروەریی یاسایی جیهانیی و پرۆسەکانی بکات لەکاتی سزادانی تاوانکارە قێزەونەکان. لەم پرۆسەیەدا، ئەمریکا ڕێگای "هێزی زیرەک" بەکاردەهێنێت، بەمەش دەرگای گفتوگۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕوودا دەکرێتەوە تا بگەنە ڕێککەوتنێک و بەرژەوەندی هاوبەشیان پەرە پێ بدەن.

لە ئەنجامدا، دەکرێت بگوترێت کە پێکهاتەی دامەزراوە دادوەرییە جیهانییەکان بە ڕێکوپێکی بنیاتنراون. لەبەرئەوە، دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەردوو هێزی یاسایی نەرمەکاڵا و رەقەکاڵا تێکەڵ بکات و بیانگونجێنیت بۆ ئەوەی سیستەمێکی دادپەروەری جیهانی بەسوود و بەردەوام بەرهەم بێت.